کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:39 6-10-2007

## بۆچی نۆتەی مارشی (ئەی ڕەقیب) ی هونەرمەندی ناسراو خالید ڕەشید شوون بزر دەکرێت.. ؟! فەخرەدین تاهیر

ئەز ناخوازم هەنوکە لەم دەرفەتەدا باس لەبەرهەمە هونەرییەکانی هونەرمەند خالید ڕەشید بکەم،



ئەمەیان هەڵدەگرم بۆ کات و زەمەنی خۆی بەڵام ئەوەی مەبەستمە لێرەدا ئاماژەیان پێبدەم ئەوەیە کە ئەو هونەرمەندە کوردپەروەرە ساڵانێکە سەرقاڵی بە نۆتە کردنی مارشی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب) ە لەگەل دوو هونەرمەندی بەناودەنگی بیانی، یەکێکیان هونەرمەندی سویدی بەناوی (گونار ئێریکسۆن Gunnar Eriksson) و ئەوی دیکەشیان هونەرمەندێکی ڕووسە بەناوی (ڤیکتۆر ڕافایلۆڤ Viktor Rafailov) ە، بەڵام تا ئەو شوێنەی بەندە ئاگادار بێ کار و بەرهەمە هونەرییەکانی ئەو هونەرمەندە بەڕێزەمان بە گشتی و بە نۆتەکردنی مارشی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب) بەتایبەتی بەم شێوەیەی خوارەوەیە کە خۆم وەک شاهێدحاڵێک ئاگاداری هەموو وردەکارییەکانی هەموو بەرهەمەکانی خالید ڕەشیدی هونەرمەندم. بۆیە لێرەدا بەباشی دەزانم بە چەند خاڵێک وردەکارییەکان بخەمە ڕوو:

1. نۆتەی ئەی ڕەقیب لە ئامادەکردنی هونەرمەندان خالید ڕەشید و گونار ئێریکسۆن، ساڵی 2004 خودی هونەرمەند خالید ڕەشید بە ئەمانەت داویەتە دەست هونەرمەند چەتۆ نەورۆز لە هەولێر کە سێ پارچە موزیکە کە بریتیە لەمانە: (نۆتەی ئەی ڕەقیب، سیمفۆنیای غوربەت ئاوازی خالید ڕەشید و ئامادەکردنی ڤیکتۆر ڕافایلۆڤ، بووکی ئێوارە) هەروەک هونەرمەند خالید ڕەشید بە ئیمێل و تەلەفۆن بۆی ڕوونکردمەوە کە مامۆستا چەتۆ نەورۆزی هونەرمەند نزیکەی چوار ساڵە خۆی لەبەرهەمەکانم بێدەنگ کردووە، نە بۆم دەگەڕێنێتەوە و نە تاکو ئێستاکە لەگەل گرووپێکی موزیکی کوردستان لە هەولێر تۆماریان نەکردووە.. !
2. هونەرمەند خالید ڕەشید دووجار مارشی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب) ی ئامادە کردۆتەوە، جاری یەکەم لەگەل هونەرمەندی سویدی گونار ئێریکسۆن کە درێژییەکەی تەنێ (یەک دەقیقە) یە و جاری دووەمیش لەگەل هونەرمەندی ڕووسی ڤیکتۆر ڕافایلۆڤ کە درێژی ماوەی مارشی ئەی ڕەقیب لە سەرەتا (دوو دەقیقە و نیو) بوو، بەڵام دواتر کردوویانەتە (30چرکە) و بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری یان ناردووە و تا ئێستاکە هیچ دەنگوباسی نییە.
3. هونەرمەند خالید ڕەشید بۆی ڕوونکردمەوە کە ئەو نۆتەیەم داوەتە مامۆستا چەتۆ نەورۆزی هونەرمەند کە لەگەل گونار ئێریکسۆنی سویدی ئامادەمان کردووە و، هەروەک لە دەستپێکدا ئاماژەم پێداوە کە ماوەکەی (یەک دەقیقە) یە.
4. هونەرمەند خالید ڕەشید چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بە تەلەفۆن بۆی باس کردم کە لەساڵی 2004دا لە هەولێر مامۆستا چەتۆ نەورۆزی هونەرمەند پێی گوتووە؛ ئێمە توانای هونەری ئەوەمان نییە بتوانین ئەم نۆتەیە بەم شێوەیەی ئێوە لە سوید ئامادەتان کردووە بژەنین.
5. ئەوی شایەنی گوتنە ئەوە نزیکەی ساڵێک و نیوە هونەرمەند خالید ڕەشید خاوەنی ئەم چەند دێرانەی سەر پشک کردووە کە بەدواداچوون دەربارەی ئەم کێشەیە بکەم، منیش چەند جارێک بە هونەرمەندی خۆشەویست مامۆستا چەتۆ نەورۆزم گوتووە و بەڕێزیشیان هەر دەڵێ: ئەو دەستنووسی نەتۆتەکانی هونەرمەند خالید ڕەشیدم لەناو ئەرشیفەکەی خۆم بزر کردووە، هەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

6-10-2007 21:39 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کاتێک دۆزیمەوە بۆی دەگەڕێنمەوە، مخابن ئەوە چەند ساڵە ئەو نۆتەیە لەلای بەرێز مامۆستا چەتۆ نەورۆز هەر نەدۆزرایەوە... !

لەدوماهیدا خوازیارم کاکە چەتۆ نەورۆزی هونەرمەند بەرهەمەکانی هونەرمەند خالید ڕەشید بە ئەمانەتێکی هونەرییەوە بدۆزێتەوە و بگەیێنێتەوە دەست خاوەنەکەی و لەگەل ریزی زۆرم بۆ بەریزیان و خوازیارم وەلامیکی پۆزەتیڤی لێ ببیستینەوە.

هەولێر 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.